کەرکوك ڕۆژانی یەکشەمە ودووشەمە کردە پشو بۆ هەبژاردنەو

ئیدارەی پارێزگای کەرکوك بڕیاریدا، سبەی و دو سبەی لە سەرجەم قوتابخانەکان بکرێتە پشو، بە ئامانجی یەکخستنی وانەکان لە نێوان قوتابخانەکاندا، چونکە زۆربەیان کراونەتە بنکەی دەنگدان، لەگەڵ ڕەخساندنی دەرفەت بە هێزە ئەمنییەکان بە ئەوەی بتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێبکەن.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی پارێزگای کەرکوك، ئیدارەی پارێزگا بڕیاریداوە کە دەوامی فەرمی لە سەرجەم قوتابخانە سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی و باخچەکانی منداڵان بە ماوەی دو ڕۆژ (سبەی و دوسبەی) بکرێت بە پشو تا کۆتاییهاتنی هەبژاردنەکان.

ڕەبوار تەها، پارێزگاری کەرکوك ڕونیکردەوە کە بڕیاری ڕاگەیاندنی پشو، لە پێناو زامنکردنی بەردەوامیی پرۆسەی خوێندن و یەکخستنی بەڕەوچونی وانەکان لە نێوان قوتابخانەکاندا. هەروەها ڕەخساندنی دەرفەتە بە هێزە ئەمنییەکان بە ئەوەی بتوانن ئەرکەکانیان لە پاراستنی ئاسایش و سەرخستنی هەبژاردنەکانی پەرلەمانی ساڵی 2025 جێبەجێ بکەن.

بەگوێرەی ڕونکردنەوەی ڕەبوار تەها، "زۆربەی قوتابخانەکانی کەرکوك کراونەتە بنکەی دەنگدان بە هەردو دەنگدانی تایبەت و گشتی، بۆیە بڕیاری پشویان داوە".

بەیارەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕۆژی 11ی (تشرینی دووەم/11)ی 2025 بەڵام وەبچێت کە تێدا 31 هاوپێمانی، 38 حزب و 79 تاکەکەس بەشداری هەڵبژاردنی داهاتو دەکەن و زیاتر لە حەوت هەزار کاندید کەبەکە دەکەن، ئەو جگە لەوەی کەمسیۆن ژمارەیەکیانی بەهەکاری جیاجیا دورخستووە.